جامی ئاسیا.. ژاپۆن لە بەحرەینی بردەوە و گەیشتە چارەکی کۆتایی

لە جامی ئاسیا ژاپۆن بە سێ گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک لە بەحرەینی بردەوە و گەیشتە چارەکی کۆتایی.

لە یارییەکانی قۆناغی 16ی جامی ئاسیا، هەڵبژاردەی ژاپۆن رووبەڕووی بەحرەین بووەوە.

لە گەمی یەکەمدا و لە خولەکی 31 ریستۆ دوان گۆڵێکی بۆ ژاپۆن تۆمارکرد وبەو گۆڵە گەمەکە کۆتاییهات.

لە گەمی دووەمدا و لە خولەکی 49 تاکیفۆسا کوبۆ گۆڵی دووەمی ژاپۆنی کرد و لە خولەکی 64 سوزۆکی بە هەڵە لە خۆیان گۆڵێکی بۆ بەحرەین کرد بەڵام لە خولەکی 72 ئۆیدا ژاپۆنی کردەن خاوەنی گۆڵی سێیەم، سەرەنجام یارییەکەیان بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک بردەوە.

بەو ئەنجامە، هەڵبژاردەی ژاپۆن گەیشتە قۆناغی چارەکی کۆتایی جامەکە و بەحرەین ماڵئاواییکرد.